

# ئادەم فێرگەسۆن
# Adam Ferguson

## باوکی ناسینی کۆمەڵگە و دامەزرێنەری کۆمەڵناسی مۆدێرن

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

ئادەم فێرگەسۆن (1723 - 1816)، فەیلەسوف و مێژوونووسی سکۆتلەندی بە رابەرو دامەزرێنەری کۆمەڵناسی مۆدێرن دادەنرێت، ئەویش بەهۆی جەختکردنەوەی لە رۆڵی کاریگەرانەی کارلێکەرەنە کۆمەڵایەتیەکان لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا. فێرگەسۆن بە یەکێك لە گروپی ئەو بیرمەندە کاریگەرانەی سکۆتلەندا دادەنرێت، کە بوونەتە هۆی بنیاتنانی رۆشنگەری لە سکۆتلەندا، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا.

وەك زۆربەی هاوچەرخەکانی لەوانە: ئادەم سمیس، دەیڤید هیوم،...، فێرگەسۆن سەفەری بەناو ئەوروپادا کردوە و زۆربەی بیرمەندە ناسراوەکانی ئەو رۆژگارەی بینیوە. ناوبراو سەرەتا وەك قەشەی کەتیبەیەکی سەربازی کاریکردووە، بەڵام دواتر وازی لەو کارە هێناوە و رووی کردۆتە کاری کتێبخانەی بواری یاسایی ، پاشان بۆتە پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئیدنبێرگ.

فێرگەسۆن پێش (گیبۆن-Gibbon) باسی کەوتنی شارستانیەتی رۆمای کردووە. پاش ئەوە وانەکانی بەناونیشانی (پرەنسیپەکانی ئەخلاق و زانستی سیاسی- Principles of Moral and Political Science) چاپکردووە، بەڵام ئەوەی زۆرتر ئەم بیرمەندەی ناساند، نوسینێکی بوو بەناوی ( وتارێك دەربارەی مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی- An Essay on the History of Civil Society). لەو وتارەدا، لەساڵی 1767دا بڵاوکرایەوە فێرگەسۆن دژی بۆچوونەکانی دەیڤد هیوم بوو، هاوکات رێگایەك بوو بۆ روونکردنەوەی بۆچوونە سەرەکیەکانی خۆی دەربارەی کۆمەڵگە.

فێرگەسۆن، بە باوکی دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسی دادەنرێت، چونکە پێیوایە « مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە». ئەو رەتیدەکاتەوە بناغەی کۆمەڵگە بگەڕێتەوە بۆ (سروشتی کۆمەڵگە)، یاخود (گرێبەستی کۆمەڵایەتی). بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ئەبستراکتانەوە، فێرگەسۆن پێیوایە کۆمەڵگە دەرئەنجامی ئەزموونەکانی مرۆڤە، « هێزەکانی کۆمەڵگە پێش سەرهەڵدانی فەلسەفە لە غەریزەکانی مرۆڤەوە دروستبوون، نەوەك لە رێی گریمانەکانی مرۆڤەوە»، هەروەها فێرگەسۆن پێیوایە، مرۆڤ تەنها هەوڵی بەدەستهێنانی خۆشبەختی نادات، بەڵکو چاودێریدەکات، پاشان لە رێی ململانێوە هەوڵی زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردا دەدات.

بەدەر لە بەدەستهێنانی گونجان لە رێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە، پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ و جیاوازی، ئەمەش گەشە بە مرۆڤ دەدات. ئەم پرۆسەیەش دەرئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی و کلتوریە، نەوەك بۆمانەوەی بایەلۆژی. هەروەها فێرگەسۆن باس لەوە دەکات، زۆر کاتێکەر یارمەتی مرۆڤ دەدەن چۆن دروستببێت، لەوانە: ئەو کاریگەریانەی بەهۆی پێویستیەوە دروستدەبن، کاریگەریەکانی خوو، هەروەها کاریگەریەکانی خێزان و کۆمەڵگە.

یەکێك لە تێبینییە سەرنجراکێشەکانی فێرگەسۆن ئەوەیە، کە کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو سەرهەڵنادەن، بەڵکو بەشێوەیەکی خۆرسك (= لەخۆوە) دروستدەبن، هەر بۆیە میللەتان دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هەندێك دامەزراوە، کە بەرهەمی ئەزموون و کاری مرۆڤە، نەوەك بەرهەمی پلانی مرۆڤ بووبێت. ئەم بیری ( رێکخستنی خۆرسك)ە لەسەدەی بیستدا، لەلایەن بیرمەند (هایك-Hayek) بەکارهێنرا وەك رەتکردنەوەیەك بۆ بیری (سۆسیالیزمی زانستی).

لەکۆتایدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئادەم فێرگەسۆن کاریگەری لەسەر زۆر بیرمەندی دیکە هەبووە، لەوانە (ئادەم سیمس) و (مارکس)... دەربارەی دابەشکردنی کرێکاران و باڵادەستبوونی کەمینەیەك بەسەر زۆرینەدا.

**هەندێك لەوتە و بۆچوونەکانی:**

* ئەگەر تۆ براوەبیت، ئەوا کەسێکی تر دۆڕاو دەبێت.

* مرۆڤ بەهۆی ئەو توانا گیانەوەرییەی کە هەیەتی، دەتوانێت لە هەموو بارودۆخێکدا بژیت.

* دەبێت مرۆڤ رێزی بگیردرێت، لەرێی ئەو شتەی کە دەتوانێت ئەنجامیبدات، نەوەك لە رێی ئەو شتەی کە دەیزانێت.

سەرچاوەکان:


1. 101 Great Philosophers, Makers of Modern Thought. Madsen Pirie. Bloomsbury Publishing India. 2014, pp101102-.
2. http://statusmind.com/wise-quotes-62/
3. https://en.wikiquote.org/wiki/Adam_Ferguson
4. http://www.britannica.com/biography/Adam-Ferguson
5. http://www.brainyquote.com/quotes/authors/a/adam_ferguson.html